

# ئەگەر ئەو چیرۆکە بنووسم

نەجیبە ئەحمەد

**ئەم چیرۆکە پێشکەشە بە وردە خەمەکانی زۆیا پیرزاد**

بێجگە لە رۆژانی هەینی، هەموو رۆژەکانی تر دەنگی گڕی کاکە غەفوور کە هەر ئەو دەنگە لەو لەشولارو سیماو قەڵافەتە دەوەشێتەوە، لەگەڵ چەند کیلۆیەك کوولەکەو باینجانو بیبەرو میوەدا دەگاتە ناو موبەقو ماڵو سەلاجەکانمان. هەموو رۆژێکیش کە دێت هێشتا بە خۆیو پیکابە سوورەکەیەوە لەوسەری کۆڵانەکەدان کە من لەبەر دەرگای خۆمانەوە دەستێکی بۆ هەڵدەتەکێنم تا بزانێ شتمان دەوێت، ئەویش هەموو جارێ لە وەڵامی دەستهەڵبرینەکەی مندا سەرێکم بۆ رادەوەشێنێ، بەڵام ئەمرۆ زۆر درەنگ گەیشتە لای منو ماوەیەکی زۆر لەبەر ماڵی ئەو دراوسێیەی ئەو بەرمانەوە وەستا، کە ساڵێك دەبێت هاتوونەتە ئەم کۆڵانەو هێشتا کەس خانمی ماڵەکەی نەدیوە. ئەوان زۆر کەم دەرگا دەکەنەوە، هەر کاتێکیش بیانەوێ بچنە دەرەوە پشتی ئۆتومبیلەکەیان دەنێن بەدەرگای حەوشەوە، یان شەوانە دەچنە میوانی، تەنانەت شوشتنی بەردەرگاشیان یان بە شەوان دەکرێ یان پیاوان دەیکەن. هەڵبەتە تا ئێستا چەند جارێك وەکو ئەمرۆ چاوم لێبووە کە کاك غەفوور دەیان کیسە شتیان بۆ دەکێشێو لەبەر دەرگاکەدا بەجێی دەهێڵێ، دوایی خۆیان دەیانبەنە ژوورەوە، بەڵام ئەوەندەی ئەمرۆی پێنەچووە، بۆیە کە هاتە بەر ماڵمان گەیشتبووە تینمو پێم وت: ئەرێ زۆر لەبەر ئەو ماڵەدا وەستای. من تۆزێکم پەلەیە. وتی: ئاخر ئەمرۆ شتیان زۆر دەویست. خۆت دەزانی بەیانی هەینییەو منیش نایەم، پێشدەچێ بۆ سبەینێ میوانیان ببێ. هەروا لە خۆمەوە یان لە رووی کونجکۆڵییەوە لێم پرسی: ئێ باشە خۆ ئەوان کەسیان

نایەنە دەرەوە، تۆ چۆن دەزانی چییان دەوێ؟

کاک غەفوور بزەیەك گرتیو وتی: راست دەکەیت، هەموو رۆژێك پیاوەکەیان پێویستییەکانیماڵەکە دەنووسێو بۆم دادەنێ، ژنەکەش لە ژێر دەرگاکەوە ئەو نووسراوەم دەداتێ، ئەوسا دەیانکێشمو لەگەڵ پارچە کاغەزەکەیاندا بەجێیان دەهێڵم. دواتر خۆیان دەیانبەنە ژوورەوە.

وتم: بۆچی وایە؟

وتی: چونکە پیاوەکە پێی خۆش نییە ژنەکەی بێتە بەردەرگاو شت بکڕێ.

وتم: ئەی پارەکەی تۆ چۆن دەدات؟

وتی: ئەو نایدات، من هەموو رۆژێك لە پارچە کاغەزەکەی خۆیاندا دەنووسم کە شتەکانی ئەو رۆژەیان دەکاتە چەند، دواتر لە رۆژی پێنجشەممەدا پیاوەکە تێکرای پارەی حەفتەکەم بەسەریەکەوە پێدەدات.

لە دڵی خۆمدا وتم ئەمە بابەتێکی چاکە بۆ نووسینو لە سوچێکی مێشکمدا بەرنامەم بۆ دانا کە بیکەم بە کەرەستەی نووسینێك، بەڵام ساغ نەبوومەوە چۆنی دارێژم. بیکەم بە پارچە پەخشانێکو لەو گۆڤارەدا بڵاوی بکەمەوە کە تایبەتە بە مەسەلەکانی ئافرەتو خۆشم لاپەرەیەکی ئەو گۆڤارە ئامادەدەکەم، یان بیکەم بە وتارێکی کۆمەڵایەتیو بینێرم بۆ یەکێك لە رۆژنامەکان، یاخود داینێم بۆ چیرۆکێکی هونەریی جوان. هەرچەندە بە هەرشێوەیەکیان دایرێژم پێم وانییە تۆسقاڵێك کاریگەریی ببێ. تا من ئەم بابەتەم لە مێشکمدا تاوتوێ کرد کاکە غەفوور شتەکانی کە داوام کردبوون بۆی کێشابووم، خێرا پارەکەم دایێو هاتمە ژوورەوە. شتەکانم داناو چووم سەرێکی جلەکانی ناو جلشۆرەکەم دا، پاك بووبوونەوە. دەرمهێنانو دەستەیەکی ترم تێهاویشت. سەیری سەعاتم کرد بەرەو دوانزە دەچوو. خێرا هاتمەوە لای شتەکانو ئەوی بۆ ئەمرۆ دەموویست دامناو ئەوانی ترم لابرد. لە دڵی خۆمدا وتم: دەبێ دەستوبردێ بکەم، زوو خواردن ئامادە بکەمو جلەکان تەواو بکەم، ئەوسا بە گورجی سەرەقەڵەمی بابەتەکەم تۆماردەکەمو دواتر یان شەو یان عەسر دەچمەوە سەریو بەرێکوپێکی دەینووسم، بەڵام هێشتا لەم خەیاڵە نەهاتبوومەدەرێ کە هاوسەرەکەم لە هۆڵەکەوە بانگی کردم: تو خوا بەئەرك نەبێت تا ئێرە دێیت. چەقۆکەو کوولەکەکەم بەدەستەوە بوو و چوومە بەردەمی، بۆ ئەوەی بزانێ دەستم گیراوە، چونکە دەزانم ئەو هەمیشە بۆ کارێك بانگم دەکات (دەبێ بیریشم نەچێ کە پێتان بڵێم هاوسەرەکەم کارێکی ئەوتۆی لە دەرەوەیماڵدا نییە، بۆیە زۆربەی کات لە ماڵەوەیەو خەریکی خوێندنەوەو نووسینە)، کە چاوی بە کەرەستەکانی دەستم کەوت وتی: ئەوانە دانێو وەرە. چووم دامنانو گەرامەوە. وتی: بەرای تۆ ئەم وشەیە بەکوردی دەبێتە ئەوە؟. وتم: دەبێت، بەڵام فلانە وشە جوانتری دەپێکێ. وتی: دەم خۆش، ئەی ئەم وشەیەی تر.

وتم: نازانم لە فەرهەنگدا بۆی بگەرێ.

وتی: دەزانم لە فەرهەنگدا هەیە، بەڵام فەرهەنگەکەم لە بەردەستدا نییە، پێم وایە لە یەکێك لە کارتۆنەکانی هەورەباندا بێت، بەئەرك نابێت ئەگەر بچیت سەیرێك بکەیت؟. بەپەلە غارمدایە هەورەبانو چەند کارتۆنێکم هەڵوەشاندو نەمدۆزییەوە، هاتمەوەو بەدەنگێکی تۆزێك بەرز کە نیشانەی تورەبوون بوو. وتم: نییە، وتی: قەیناکە، زەحمەتت کێشا، ئەوە دەبێ لە ژێر زەمینەکەدا بێت. تەواوی نەکرد غارمدایە ژێر زەمینو لە ناو کتێبە هەڵچنراوەکاندا دۆزیمەوەو بەهەناسەبرکێ هێنام. زۆر بەپەلە چوومەوە بۆ لای چێشت لێنانەکەمو لە دڵەوە تورەو بێتاقەت بووم، چونکە دەمزانی ئەمرۆ منداڵەکان زووتر دێنەوەو پێم خۆش نییە کارەکانم تا ئەو کاتە ئەنجام نەدابێ. شلەم لێناو برنجەکەشم داپۆشی تا دەم بکێشێ، ئەوسا چوومەوە بۆ لای جلەکان، بەڵام هێشتا دەستم پێیان نەگەیشتبوو کە دووبارە بانگی لێکردمەوە: ئەوە تۆ نازانی ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی فلانە هاورێمان لە کوێیە، دەمەوێ قسەیەکیان لەگەڵدا بکەم! وتم: من نازانم لای خۆتە.

وتی: لە دەفتەرەکەمدا نییە.

وتم: ئاخۆ لە چ کوتە کاغەزێکدا نووسیوتە.

وتی: راست دەکەیت، بەخوا وابزانم لەسەر مێزەکەمە، لە ژوورەکەی سەرەوە، توخوا چاوێکی بۆ بگێرە.

بەپەلە رامکردە سەرەوەو سەرمێزەکەم پشکنی، تورەی تورەبووم، چونکە دەمویست کارەکانم زوو تەواو بکەمو بچمەوە لای، هیچ نەبێ سەرەقەڵەمی بابەتەکەی ناو مێشکم. لە دڵی خۆمدا وتم: چەند خۆشە بۆ خۆی دانیشتووە. دەنووسێو دەخوێنێتەوەو سەیری تەلەفزیۆنیش دەکاتو گۆرانی حەسەن زیرەکیشی بەدەمەوە دەڵێ. کوتە کاغەزەکەم دۆزییەوەو بۆم هێنا، هەندێك بەتورەییەوە وتم: فەرموو ئەوە ژمارەکە، وادیارە زۆرت پێویستە؟ وتی: وەڵڵا هەر پێم خۆشە چاکو چۆنییەکیان لەگەڵدا بکەم. کارێکی زۆر پێویستم نییە. هەرچۆنێك بوو جلەکانم تەواو کردو جلشۆرەکەم پاککردەوە، بەڵام بەرلەوەی جلەکان بۆ هەڵخستن ببەم زرەی زەنگی تەلەفۆنەکە هات، هاوسەرەکەم هاواری لێکردم: وەرە وەڵام بدەرەوە. کە هاتم بۆڵەیەکم کرد زانی دەڵێم خۆ لە پەنادەستی خۆتدایە بۆ وەڵام نادەیتەوە. کەسی ئەودیو هێڵی تەلەفۆن ئەوی دەویست، بۆیە منیش زۆر خێرا دەسکی تەلەفۆنەکەم دایێ، لەو کاتەدا زەنگی دەرگاش لێیداو من دەرپەریم. دەرگاکەم کردەوە منداڵەکان بوون، پێم وتن تاوەکو ئێوە جلەکانتان دەگۆڕنو سفرەو خوان ئامادە دەکەم من ئەم جلانە هەڵدەخەم.

لەسەر سفرەکەو لە دڵی خۆمدا بەرنامەی ئەوەم دادەرشت کە لە دوای سفرەوخووان کۆکردنەوە دەچمە ژوورەکەی خۆمو کێشەی ئەو ئافرەتەی ئەوبەرمان دەهێنمە سەر کاغەز، بەڵام هێشتا لە بیرکردنەوەدا بووم کورەکەم وتی: دەبێ بچین بۆ بازارو جلی وەرزشم بۆ بکری. وتم: ناکرێ لەگەڵ ئارامی هاورێتدا بچنو بیکرن.

وتی: نا، دەبێ تۆ بێیت. کچەکەشم لەولاوە وتی: منیش دێم، چونکە کۆمەڵێ شتم دەوێو لە ئەمرۆ زیاتر دەرفەتی کرینیانم نابێت. بەقارەمانی ناو چیرۆکەکەی مێشکمم وت کە هێشتا لە دایك نەبووە. دەبێ دان بەخۆماندا بگرین تا شەو.

دوای نانی ئێوارە ویستم بچمەوە بۆ لای قارەمانی ناو چیرۆکەکەی سەرمو پێم وابوو هەر ئەمشەو رێگاچارەیەك بۆ گرفتی ژنەکەی دراوسێمان دەدۆزمەوە. جارجارەش دەمووت: جا کێ دەڵێ خۆی بەو رێگاچارانەی من قایل دەبێ؟ کێ دەڵێ بەو ژیانە نارازییە؟ بەهەرحاڵ من لەم خەیاڵانەدا بووم، لە دەرگا دراو هاورێیەکی هاوسەرەکەم بەخۆو بەژنی دووەمییەوە هاتنە لامان. من پیش خواردنەوەیەکی سەیر بەربینی گرتبووم نەك لەبەر ئەوەی ئاوا کتوپرو بەبێ پێشەکی هاتوون، بەڵکو لەبەرئەوەی دەزانم قارەمانی چیرۆکەکەم لێدەتۆرێ، برێکی تر پیشم خواردەوە ئینجا لە دڵی خۆمدا وتم باشە مەسەلەی ئەم خێزانەش کەرەستەیەکی ترە بۆ نووسین ئەگەر بوارم ببێو ئەگەر بۆم برەخسێ چەند  پرسیارێك لەم خانمە تازەیە بکەم تا بزانم چ دەسەلاتێکی هەبووە کە توانیویەتی وا لە باوکێك بکات بتوانێ دەستبەرداری چوار منداڵو خانمێك ببێت، لە کاتێکدا پێم وا نییەو ئەوەندەی من بیانناسم کەموکورێو کەلەبەری ئەوتۆیان ببێت کە بەم نەبێ بەکەسی تر پر نەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە هاوسەرەکانمان ئەو چەند  سەعاتەشیان قۆرغ کرد بۆ باسی ئەو مەسەلە سیاسییانەی ئەمرۆ کە جێی مشتومرن. من زۆرم ئەم پێو ئەو پێ کردو چەندجار هەستامو پیاڵەو پەرداخم لابردو قاپو میوەم هێناو دەمویست گۆرانێك بخەمە باسەکەوە تا لەو مشتومرە سیاسییانە بێینە دەرەوەو دووشتی تری کۆمەڵایەتیو دوو نوکتەو تەنزی خۆشی بگێرینەوە، یان هیچ نەبێ بچمە لای ئەم ژنەوەو دوو قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام نەبوو و نەبوو. ئەم دوو سیاسەت بازە هیچ بوارێکی ئێمەیان نەدا، ئای چەندەم حەز دەکرد بڵێم ئەرێ کاکی بەرێز جەنابت کە نەتوانی خەمخۆری خێزانێك بیت چۆن دەتوانی خەمخۆری میللەتێك ببی، بەڵام نەمکرد، هەروەکو نەشمتوانی وشەیەك لەگەڵ ئەو خانمە تازەیەدا بدوێم.

دوای میواندارییەکە هەستم کرد مێشکم شەکەتو دەروونم ئاڵۆزو پر لە پیشخواردنەوەیە، نە قارەمانی چیرۆکەکەی ناو مێشکم لە دایك بوو، نە ئەم بابەتەی تریشم لەلا گەڵاڵەبوو. پەتووەکەم کێشا بەسەرمداو نازانم ئیتر خەوتم یان نە...!!